ژوری توێژینەوەی سیاسی

بزوتنەوەی گۆڕان

# ریفراندۆمی دەستوری تورکیا

نوسین و ئامادەکردنی: گەیلان عەباس



ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان

Tel: 009647481505010

Email: research.gorran@gmail.com

نیسانی ٢٠١٧

# ریفراندۆمی دەستوری تورکیا


## نوسین و ئامادەکردنی : گەیلان عەباس

ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان

Tel: 009647481505010

Email: research.gorran@gmail.com


نیسانی ٢٠١٧

## پێرست


پێشەکی ........................................ ٢

ریفراندۆم و ریفراندۆمی دەستوری ........................................ ٣

ریفراندۆمی دەستوری چییە؟ ........................................ ٣

مێژوی دەستور و ریفراندۆمی دەستوری لە تورکیا ........................................ ٤

رێکارەکانی هەمواری دەستوری تورکیا ........................................ ٧

پرۆسەی هەمواری دەستوری لەپەرلەمانی تورکیا (٢٠١٦-٢٠١٧) ........................................ ٨

چۆنیەتی بەرێوەچونی پرۆسەی ریفراندۆم لەتورکیا ........................................ ٩

پرۆژە یاسای هەموار کراوی دەستوری تورکیا ........................................ ١١

یەکەم. لەسەر ئاستی دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار ........................................ ١١

دووەم. لەسەر ئاستی دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان) ........................................ ١٢

سێهەم. لەسەر ئاستی دەسەڵاتی دادوەری (ئەنجومەنی باڵای دادوەری) ........................................ ١٣

چوارەم. لەسەر ئاستی دادگای دەستوری ........................................ ١٤

جیاوازیەکانی سیستمی پەرلەمانی تورکیاو سیستمی پێشنیارکراوی سەرۆکایەتی بۆ تورکیا ........................................ ١٥

هەڵوێستی پارتەکان دەربارەی هەموارە دەستوریەکان و ریفراندۆمە دەستوریەکە ........................................ ١٩

ئامانجەکانی هەموارکردنی دەستور لەلایەن ئەردۆگان و ئەکەپەوە ........................................ ٢٤

لێکەوتەکانی هەموارکردنی دەستور ........................................ ٢٥

دەرەنجام ........................................ ٢٧

سەرچاوەکان ........................................ ٣٢

## پێشەکی

وابریارە ١٦ نیسانی ٢٠١٧ ریفراندۆمی دەستوری لە سەرانسەری تورکیادا ئەنجام بدرێت بەمەبەستی گۆرانکاری و هەمواری چەند مادەیەکی دەستوری تورکیاو گۆڕینی سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتە لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی.

لایەنەکانی تورکیا بۆچون و سەرنجیان جیاوازە دەربارەی ریفراندۆمە دەستوریەکە، بە نمونە هەندێکیان بریاریانداوە بە بەڵی پێشوازی لە ریفراندۆمەکە بکەن، هەندێکیشیان بە نەخێر. بەنمونە لە نێو پەرلەمانی تورکیادا دەنگەکانی بەڵێ و نەخێر بەسەر دوو گروپدا دابەش بون. گروپێکیان کە (پارتی داد وگەشەپێدان و پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرستی تورکیا) لەخۆی دەگرێت، بڕیاریانداوە بە بەڵی دەنگ بدەن لەریفراندۆمەکەدا، لەبەرامبەردا گروپی دووەم هەریەک لە (پارتی کۆماری گەل و پارتی دیموکراتی گەلان) لەخۆ دەگرێت، ئەمانیش بریاریانداوە بە نەخێر دەنگ بە پرۆژەکەی پارتی دادوگەشەپێدان بدەن لە ریفراندۆمە دەستورییەکەی ١٦ نیساندا.

لە ئێستادا ئەم دابەشبونە بەجۆرێکە کە رەنگدانەوەی بەسەر شەقامی تورکییەوە جێهێشتووە، بەجۆرێک ئاراستەی دەنگەکان بەسەر هەردوو ئاراستەکەدا دابەشبون، هەر ئەمەش وایکردوە کە تا ئێستا ئاسۆی ریفراندۆم و ئەنجامەکەی رون نەبێت، کە ئایا سەرئەنجام ریفراندۆمەکە لەبەرژەوەندی چ گروپێکیان یەکلا دەبێتەوە. بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، بۆچی ئەردۆگان و پارتەکەی پەنا دەبەنە بەر کارتی ریفراندۆم و هەمواری دەستور؟ لەکاتێکدا ئەو وڵاتە بەدەست چەندین کێشەی ئابوری و سیاسی و ئەمنی و ناوخۆییەوە دەناڵێنی. ئایا هەمواری دەستور دەتوانێ تورکیا لەو کێشەو قەیرانانە رزگاربکات وڵاتەکە بگەیەنێتە کەناری ئارام؟ یاخود نەخێر بە پێچەوانەوە هەمواری دەستور و گۆڕینی سیستەمی سیاسی تورکیا سەرەتای قەیرانێکی نوێیەو دیار نییە تورکیا ئاراستەی چ بارودۆخێکی دیکە دەکاتەوە؟ ئایا بۆ تورکیا سیستمی سەرۆکایەتی گونجاوە؟ ئایا سیستەمی سەرۆکایەتی توکیا دەکاتە وڵاتێک بەهێزو پێشکەوتو یاخود بە پێچەوانەوە تورکیا دەکات بە وڵاتێکی دیکتاتۆری تاکرەو تاک حیزبی؟ ئەمانەو چەندین پرسیاری دیکە لەرێی ئەم راپۆرتەوە هەوڵ دەدەین تیشکیان بخەینە سەرو وەڵامێکیان بۆ بەدەست بخەین.

## ریفراندۆم و ریفراندۆمی دەستوری

ریفراندۆم یان ڕاپرسی (گشت پرسی)، مەبەست لێی دەنگدانێکی گشتییە، کە تێیدا گەل (هاوڵاتی، دەنگدەر) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕای خۆی دەردەبڕێت سەبارەت بە کێشەیەکی گشتی یاخود بابەتێکی گرنگی چارەنوسساز، یان هەر پرسێکی دیکە. لەم پرۆسەیەدا بژادەکانی بەردەم پرس پێکراو دیاریکراون و تەنها دوو بژاردەی (بەڵێ) و (نەخێر)، دەخرێتە بەردەست هاوڵاتیان لە پرۆسەکەدا.

بەشێوەیەکی گشتی ڕیفراندۆم یان ڕاپرسی، چەند شێوازێکی هەیە، لە دیارترینیشیان بریتین لە: ریفراندۆمی دەستوری، ریفراندۆمی میللی، ریفراندۆمی (ڕاپرسی) ڕای گشتی، ریفراندۆمی سیاسی، ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنوسین. ئەوەی ئێمە لەم ڕاپۆرتەدا گرنگی پێدەدەین و لەسەری دەوەستین، بریتییە لەو جۆرەی ریفراندۆم کە بە (ریفراندۆمی دەستوری) ناسراوە.

## ریفراندۆمی دەستوری چییە؟

دوایین قۆناغە لە قۆناغەکانی داڕشتنی دەستوری نوسراو، کە پێشتر لیژنەیەکی تایبەتمەند پرۆژە دەستورێکی دیاریکراو ئامادە دەکات، دواتر پاش تێپەڕکردنی قۆناغە یاساییەکانی، لە داواجاردا دەخرێتە ڕیفراندۆمی گشتییەوەو گەل بڕیاری لەبارەوە دەدات کە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە یاخود ڕەتبکرێتەوە.

یاخود بریتیە لەپرۆسەی دەنگدان بۆ پەسەندکردن یاخود ڕەتکردنەوەی هەمواری دەستوری، واتە دەنگدان لەسەر بەشێک یاخود چەند مادەیەک لەدەستورێکی دیاریکراو بە بەڵێ یاخود بە نەخێر، لەنمونەی ئەو ریفراندۆمە دەستورییەی کە وابریارە لە ١٦ نیسانی ٢٠١٧ لە تورکیا بەرێوەبچێ بۆ هەمواری ١٨ ماددەی دەستوری لە دەستوری ساڵی ١٩٨٢ی تورکیا.

## مێژوی دەستور و ریفراندۆمی دەستوری لە تورکیا

لە تورکیای سەردەمی عوسمانیدا سیستەمی سیاسی پشتی دەبەست بەهەردو بنەمای (خیلافەت و سوڵتانیەت)، بەجۆرێک سوڵتان خاوەنی دەسەڵاتی رەهابوو، مەرجەعیەتیشی لە شەریعەتی ئیسلامیەوە وەردەگرت، بۆیە سوڵتان خۆی پابەند دەکرد بە جێبەجێکردنی حوکمە شەرعییەکانەوە. هەربۆیە ئەو مێژوە تا هاتنی سەردەمی (سوڵتان عەبدول حەمید) مێژویەک بوو لەدەرەوەی سیستەمی دەستوری نوسراو بە واتا یاساییەکەی. ئەوەبوو یەکەم دەستوری نوسراوی تورکیا لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدا دانرا، بەدیاریکراویش لە ساڵی ١٨٧٨دا، لە ژێر ناوی (یاسای بنەرەتی). ئەو دەستورە لە ١٢ بەش و ١١٩ ماددە پێک هاتبوو. ئەم دەستورە ئیلهامی لە دەستوری (روسی و بەلجیکی)یەوە وەرگرتبوو.

قۆناغی دووەمی دەستوری تورکیا دەگەرێتەوە بۆ دوای کۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی، بەدیاریکراویش لەماوەی جەنگی سەربەخۆی تورکیادا لەساڵی ١٩٢١دا دەستورێکی نوێ دانرا کەتیایدا (ئەنجومەنی نیشتیمانی گەورە) بۆ تورکیا پێشنیار کردبوو، ئەم دەستورەش ئیلهامی لەدەستوری سویسرییەوە وەرگرتبوو. دوای روخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و راگەیاندنی کۆمارێکی نوێ لە تورکیا لەساڵی ١٩٢٣ دا، دەسەڵاتدارانی وڵات، بەدیاریکراویش (کەمال ئەتاتورک) سەرۆک کۆماری ئەوکات پێشنیاری دەستورێکی نوێی بۆ تورکیا کرد. ئەوەبوو لەو سەردەمەدا یەکەم دەستوری نوێی سەردەمی کۆماری دارێژراو لەساڵی ١٩٢٤ دا پەسەندکرا. دیارترین خاڵەکانی ئەم دەستورە بریتبوو لە بەعەلمانی کردنی سیستەمی وڵات و دانان بە سیستەمی پەرلەمانی بۆ تورکیا. ئەم دەستورەش کاری پێکرا تاوەکو ساڵی ١٩٦٠، چونکە لەو ساڵەدا یەکەمین کودەتای سەربازی لە تورکیادا ئەنجامدرا، هەر دوای ئەو روداوە کارکردن بە دەستوری ١٩٢٤ هەڵپەسێردرا. دەسەڵاتدارانی پاش کودەتاش لە ساڵی ١٩٦١ دا دەستورێکی نوێیان بۆ تورکیا پێشنیارکرد، بەڵام ئەم دەستورە پشت بەست بەدەستوری ١٩٢٤ دانرابوو، یەکێک لەدیارترین گۆرانکاریەکانی بریتی بوو لە دامەزراندنی (ئەنجومەنی پیران) لەنێو پەرلەمانی تورکیادا، ئەمەش بوو بە دوەم دەستوری کۆماری تورکیا. کارکردن بەم دەستورەش بەردەوام بوو تاوەکو سەردەمی کودەتا سەربازیەکەی (کەنعان ئێڤرین) لەساڵی ١٩٨٠. دوای کودەتاکە لەساڵی ١٩٨٢،

دەستورێکی نوێ بۆ تورکیا دانراو تا ئەم بەروارەش تورکیا کار بەم دەستورە دەکات، سەرەرای ئەنجامدانی چەندین هەمواری دەستوری لەسالآنی پاش دانانی ئەم دەستورە بەتایبەت لەسالآنی (١٩٨٧-١٩٨٨-٢٠٠٧-٢٠١٠) ئێستاش وابڕیارە هەموارێکی دیکە بەسەر مادەکانی ئەم دەستورەدا بهێندرێ.

بیرۆکەی یەکەم هەمواری دەستوری لە تورکیادا دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٧، کاتێک (پارتی گەلی کۆماری –جەهەپە) لەرێگەی سەرۆک وەزیرانی ئەوکات (عیسمەت ئینۆنۆ) وە داوای گۆرینی سیستەمی سیاسیان کرد لەرێگەی دەستورەوە، بەڵام لەوکاتدا بەبیانوی نەخۆش کەوتنی سەرۆک کۆمار (مستەفا کەمال ئەتاتورک) بیرۆکەکە پشتگوێ خرا. لەگەڵ مردنی (ئەتاتورک) راستەوخۆ (عیسمەت ئینۆنۆ) جێگەی گرتەوە، لێرەوە ئینۆنۆ بەیەکجاری دەستبەرداری بیرۆکەکەی بوو.

دوای دانانی دەستورێکی نوێ لە ساڵی ١٩٨٢دا، (تورگت ئۆزال) لەساڵی ١٩٨٣دا بۆ جارێکی تر پێشنیاری هەموارکردنی دەستور و گۆرینی سیستەمی پەرلەمانی هێنایەوە گۆرێ، بەڵام ئەم هەوڵەش سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. دوای ئۆزال هەریەک لە (سلێمان دەمیرال) و (نەجمەدین ئەربەکان)یش هەوڵیان لەو پێناوەدا دا، بەڵام دەستبردن بۆ ئەم پرسە لەسایەی دەسەڵاتی سوپادا کردەیەکی هێندە ئاسان نەبوو، بۆیە هەوڵەکان لەو پێناوەدا بەردەوام بون تا هاتنە سەر حوکمی پارتی (داد و گەشەپێدان) لەساڵی ٢٠٠١.

دوایین هەوڵ لەم پێناوەدا بیرۆکەکەی بۆ (رەجەب تەیب ئەردۆگان) سەرۆک کۆماری ئێستای تورکیا دەگەرێتەوە. سەرەتای ئەم هەوڵەی بۆ گۆرینی سیستەمی سیاسی تورکیا لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی، وەک ئەردۆگان ئاماژەی بۆ دەکات " سەرەتای بیرۆکەکە بۆ ئەوکاتە دەگەرێتەوە کە سەرۆک شارەوانی ئەستەنبوڵ بووە" بۆیە دوای گەیشتنی پارتی دادوگەشەپێدان بەدەسەڵات، ئەردۆگان وردە وەردە بە کردەنی کاری لەسەر کرد.

لەپاش ساڵی ٢٠٠١، ئەکەپە لەرێی پەرلەمانەوە دوو هەوڵی هەموار بۆ زنجیرەیەک مادەی دەستوری لەرێگەی دوو ریفراندۆمەوە لە ساڵەکانی ٢٠٠٧ و ٢٠١٠

بەسەرکەوتوی ئەنجامدا. بەڵام ئەم هەوڵە لێرەدا کۆتایی نەهات و خولیاکەی ئەردۆگان بۆ گەیشتن بە سیستمی سەرۆکایەتی بەردەوام بوو تا ئەوەی دوبارە بە لەساڵی ٢٠١٦ بیرۆکەی هەمواری دەستورو گۆرینی سیستەمی سیاسی تورکیا لەرێگەی ئەکەپەوە لە پەرلەمانی تورکیا سەریهەڵدایەوە. ئەکەپە لەپەرلەمان بە هاوبەشی و هاوکاری مەهەپە توانی نیوەی ئەم رێگەیەش ببرێت، هەربۆیە دوای بردنەوەی گەمە پەرلەمانییەکە لەلایەن ئەکەپەوە بۆ هەمواری دەستورو سیستەمی سیاسی تورکیا، پرۆژە هەموارەکە لە ئێستادا پێیناوەتە قۆناغی ڕیفراندۆمەوەو لەچاوەڕوانی دەنگی هاوڵاتیانی تورکیادایە.

لە ئێستادا کۆماری تورکیا هەنگاو دەنێت بۆ ئەنجامدانی حەوتەمین ریفراندۆمی دەستوری لە مێژوی خۆیدا. واتە بەدرێژای مێژوی کۆماری نوێ تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ تا ساڵی ٢٠١٠، شەش جار ریفراندۆمی دەستوری بۆ (قبوڵکردن و رەفزکردنی دەستور یاخود هەمواری مادەی دەستور) ئەنجامدراوە، بەم جۆرەی خوارەوە:

| ساڵ | ناوەرۆکی ریفراندۆمە دەستورییەکان | ئەنجامی ریفراندۆم |
|---|---|---|
| ١٩٦١ | ریفراندۆمی گشتی بۆ دەنگدان دەربارەی دەستوری نوێی وڵات، کە پاش کودەتاکەی ساڵی ١٩٦٠ لەلایەن (ئەنجومەنی یەکێتی وڵات) دانرابوو. | ٦١.٧% بەڵی<br>٣٨.٣% نەخێر |
| ١٩٨٢ | ریفراندۆمی گشتی بۆ دەنگدان دەربارەی دەستوری نوێی وڵات، کە پاش کودەتاکەی ساڵی ١٩٨٠ سوپا دانرابوو. | ٩١.٤% بەڵێ<br>٨.٦% نەخێر |
| ١٩٨٧ | ریفراندۆم دەربارەی مادەی ٤ دەستوری ١٩٨٢، دەربارەی هەڵپەساردنی کاری سیاسی بۆ کۆمەڵێک سەرکردەو کەسایەتی پارتە سیاسیەکان لەنێوان ٥ بۆ ١٠ ساڵ. | ٥٠.٢% بەڵی<br>٤٩.٨% نەخێر |
| ١٩٨٨ | ریفراندۆمی دەستوری دەربارەی پێشخستنی کاتی هەڵبژاردنە نێوخۆییەکانی تورکیا بۆ ماوەی ساڵێک. | ٣٥% بەڵی<br>٦٥% نەخێر |
| ٢٠٠٧ | هەمواری دەستوری دەربارەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لەلایەن گەلی تورکیاوە، لەسەردەمی پارتی دادوگەشەپێدان. | ٦٨.٩% بەڵێ<br>٣١.١% نەخێر |
| ٢٠١٠ | هەمواری دەستوری بۆ ٢٦ مادەی دەستوری ١٩٨٢، زۆرینەی مادەکان پەیوەستبوون بە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سوپا لە دەسەڵاتد تورکیادا. | ٥٧.٩% بەڵێ<br>٤٢.١% نەخێر |
| ٢٠١٧ | هەمواری دەستوری بۆ ١٨ مادەی دەستوری ١٩٨٢. | ................؟ |

ئەم دەستورەی ئێستای توركیا(١٩٨٢)، لەمێژویدا ١٧ جار هەمواری تێدا كراوە، یەكەم هەموار لەساڵی١٩٨٧دا بووە لە سەردەمی سەرۆكایەتی (كەنعان ئێڤرین) و حكومەتی (تورگت ئۆزال)دا، دواهەمین هەموار لەساڵی ٢٠١٠دا بوو لە سەردەمی سەرۆكایەتی (عەبدوڵا گویل) و حكومەتی (رەجەب یەتب ئەردۆگان)دا. لەو نێوانەشدا سێ جار هەموارە دەستورییەكان بە ریفراندۆمی گشتی پەسەندكراون لە ساڵانی (١٩٨٧،٢٠٠٧،٢٠١١).

## رێكارەكانی هەمواری دەستوری توركیا

ماددەی ١٧٥ی دەستوری ١٩٨٢ توركیا، رێكارەكانی هەمواری دەستوری توركیای بەم جۆرە دیاریكردووە:

١. دەبێت هەمواری دەستوری لەلایەن سێ یەكی ئەندامانی پەرلەمانەوە بەشێوەی نوسراو پێشكەش بكرێت.

٢. هەموارە دەستوریەكە پێویستە لە دوو دانیشتنی پەرلەمانی توركیادا گفتوگۆی لەبارەوە بكرێت.

٣. پێویستە هەموارە دەستوریەكە بەدەنگی زۆرینەی ٣/٥ ئەندامانی پەرلەمانی توركیا لە دەنگدانێكی نهێنیدا پەسەند بكرێت، ئەم رێژەیەش واتە ٣٣٠ پەرلەمانتار دەنگی بەڵێ بدەنە پرۆژەكە لەكۆی ٥٥٠ پەرلەمانتار.

٤. ئەگەر هاتوو تواندرا لەپەرلەماندا هەموارەكە بەرێژەی ٣٦٧ دەنگی بەڵی پەسەند بكرێ، ئەوا لەوكاتەدا هەموارەكە پێویستی بە ریفراندۆمی گشتی نابێت و تەنها رەوانەی سەرۆك كۆمار دەكرێ بۆ ئیمزاكردن و پەسەندكردنی هەموارەكە.

٥. لەهەردو دۆخەكەدا دوای پەسەندكردنی پرۆژەكە لەپەرلەمانەوە رەوانەی سەرۆك كۆماری وڵات دەكرێت بۆ پەسەندكردنی، سەرۆككۆماری وڵاتیش دەتوانێت تانە لەسەر هەموو یان بەشێك لە ماددەكانی یاساكە بدات و بیگێرێتەوە بۆ پەرلەمان بەمەبەستی پێداچونەوە. پەرلەمانیش دەتوانێ بەزۆرینەی دەنگی ٣/٥ ئەندامانی دەستكاری هەموارەكان نەكات، ئەگەر سەرۆك كۆمار لاریشی نەبوو لە پرۆژەكە، ئەوا ئیمزای لەسەر دەكات و لەماوەی ١٥ رۆژ دەیگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان و دواتر لە رۆژنامەی فەرمی وڵاتدا بڵاودەكرێتەوە.

٦. لەگەڵ پەسەندکردنی دەستورەکە لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە و دواى بڵاوبونەوەى لە رۆژنامەى فەرمی وڵاتدا، پێویستە لەماوەى ٦٠ رۆژدا هەموارە دەستوریەکە بخرێتە ریفراندۆمەوە تاوەکو گەل بریارى لەبارەوە بدات.

٧. بۆ پەسەندکردنی ئەنجامی ریفراندۆمە دەستوریەکە، ئەوا پێویستە هەموارەکە رێژەى ٥١% دەنگەکانی هاوڵاتیانی تورکیا بەدەستبهێنێت.

دواجار کۆمسیۆنی باڵاى هەڵبژاردنەکانی تورکیا، ئامادەیی خۆى نیشان دەدات بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکەو بڕى بودجەى پێشنیازکراو پێشکەشی پەرلەمان دەکات بۆ مەبەستی پەسندکردنی بڕیارى بەرێوەچونی پرۆسەکە.

## پرۆسەى هەموارى دەستورى لەپەرلەمانی تورکیا (٢٠١٦-٢٠١٧)

پارتی زۆرینە واتە (پارتی دادوگەشپێدان) لەگەڵ (پارتی نەتەوەپەرستی تورکیا) کە رێژەى ٦٠% پەرلەمانی ئەو وڵاتە پێک دەهێنن، پرۆژە هەموارێکیان پێشکەش بە پەرلەمانی تورکیا کرد، بەمەبەستی گۆرانکارى لە ١٨ ماددەى دەستورى تورکی، کە زۆرینەى مادەکانیش پەیوەست بون بە دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمارى وڵات و گۆرینی سیستمی سیاسی تورکیا لەپەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی. پاش بەرێوەچونی دوو دانیشتن دەربارەى گفتوگۆکردن لەسەر هەموارە دەستوریەکان، سەرئەنجام لە رۆژى چوارشەممە رێکەوتی ٢٠١٧/١/٢١دا، پرۆژەى هەموارکراوى دەستورى تورکیا لەژێر ناوى (یاساى گۆڕانکارى دەستورى کۆمارى تورکیا) خرایە دەنگدانەوە، پرۆژەکەش پەسەندکرا بەم شێوەیە:

| ژمارەى پەرلەمانتارانی پەرلەمانی تورکیا | دەنگی بەڵێ | دەنگی نەخێر | کارتی بەتاڵ | دەنگی سوتاو | پەرلەمانتارى ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥٥٠ ئەندام | ٣٣٧ دەنگ | ١٤٢ دەنگ | ٥٥ کارت | ٢ دەنگ | ١٢ ئەندام |

هەرچەندە پرۆژەکە نەیتوانی ٣٦٧ دەنگی بەڵی کۆبکاتەوە واتە هەموارکردن بە بێ ریفراندۆم، بەڵام توانی ٣٣٠ دەنگی بەڵی بەدەستبهێنێت و پرۆژەکە ئامادەبکات بۆ ریفراندۆمی گشتی. دواى پەسەندکردنی پرۆژەکە سەرۆکایەتی پەرلەمانی تورکیا بۆ

وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆك كۆمار، لە ڕۆژی ٢٠١٧/٢/٣ دا یاساكەی ئاراستەی سەرۆك كۆماری توركیا كرد. سەرۆك كۆمار ماوەی ١٥ ڕۆژی لەبەردەمدابوو بۆ واژۆكردن لەسەر پرۆژەكە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەك لە وادەی ئاراستەكردنی لەلایەن پەرلەمانەوە، لە ڕۆژی هەینی ڕێكەوتی ٢٠١٧/٢/١٠ دا پرۆژەكەی پەسەندكردو ڕۆژی ٢٠١٧/٤/١٦ دەستنیشانكرد وەك ڕۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆمی دەستوری لەتوركیادا.

## چۆنیەتی بەڕێوەچونی پرۆسەی ریفراندۆم لە توركیا

دوای پەسەندكردنی بڕیاری ژمارە ٧٥ی كۆمسیۆن لەپەرلەمانی توركیا لەرێكەوتی ٢٠١٧/٢/١١، لەبەرەبەیانی بەیانی ڕۆژی یەكشەممە ٢٠١٧/٢/١٢ تەواوی بریارەكە لە ڕۆژنامەی فەرمی توركیا بۆ دەستنیشانكردنی وادەی ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ هەمواركردنەوەی دەستووری توركیا بڵاوكرایەوە و بەمەش لایەنە سیاسییەكان هەڵمەتی بانگەشەكردنیان بۆ بەڵێ و نەخێر دەستپێكرد .

بەپێی بریاری ژمارە ٧٥ كۆمسیۆن تەواوی رێوشوێنەكانی پرۆسەی ریفراندۆمی توركیا بەم جۆرە بەرێوەدەچێت:

١. لەم ریفراندۆمەدا ٥٥ ملیۆن و ٣٣٦ هەزارو ٩٦٠ هاوڵاتی لەناوەوەی توركیا دەتوانن دەنگ بدەن و بۆ ئەو مەبەستەش ١٦٤ هەزار سندوق ئامادەكراوە. لەدەرەوەی توركیاش ٢ ملیۆن و ٩٢٩ هەزارو ٣٨٩ هاوڵاتی مافی دەنگدانیان هەیە، لە ٥٧ وڵات و ١١٩ نوێنەرایەتی دیبلۆماسی و ٣٢ دەروازەی سنوری. واتە بەكۆی گشتی ٥٨ ملیۆن هاوڵاتی تورك لەناوەوەو دەرەوە مافی دەنگدانیان هەیە لەم پرۆسەیەدا.
٢. لەریفراندۆمەكەدا ١٠ پارتی سیاسی توركیا دەتوانن نوێنەری خۆیان پێشكەش بەدەستەی دانانی سندوقەكانی دەنگدان بكەن بۆ ئەوەی چاودێری پرۆسەكە بكەن و راپۆرتی چاودێری و هەڵسەنگاندن پێشكەشی سەروی خۆیان بكەن ئەو پارتانەش بریتین لە : پارتی داد و گەشەپێدان (ئاك پارتی)، پارتی دایك، پارتی سەربەخۆی توركیا (بەتەپە)، پارتی یەكگرتووی مەزن (بەبەپە)، پارتی گەلی كۆماری (جەهەپە)، پارتی دیموكراتی گەلان (هەدەپە)، پارتی داوای ئازاد (هودا - پار)، پارتی بزوتنەوەی نەتەوەیی(مەهەپە)، پارتی سەعادەت و پارتی وەتەن.

٣. سەرەتا پرۆسەکە لەدەرەوەی وڵات بەڕێوەدەچێت، واتە لەدەرەوەی سنورەکانی تورکیا هاوڵاتیان لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٣/٢٧ دەستپێدەکات و تاوەکو ٢٠١٧/٤/٩ بەردەوام دەبێت.
٤. هاوکاتی دەنگدانی هاوڵاتیان لەدەرەوەی وڵات، لەڕێکەوتی ٢٠١٧/٣/٣٠ ئەو پارتە سیاسییانەی خاوەنی فراکسیۆنن لە پەرلەمان سەردانی رادیۆ و تەلەفیزیۆنی فەرمی وڵات دەکەن بۆ بەشداری کردن لە تیروپشکی دیاریکردنی کارتی پڕوپاگەندە کردن.
٥. کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی تورکیا لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٥/١٢ لە تەواوی شارۆچکەکانی تورکیادا سندوقی دەنگدان ئا مادەدەکات.
٦. لەڕێکەوتی ٢٠١٧/٤/١٥ لە تەواوی کاتژمێر ٦ ئێوارەدا پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن کۆتایی دێت.
٧. رۆژی پێنج شەممە ٢٠١٧/٤/١٦ پرۆسەی ریفراندۆمەکە دەستپێدەکات. لە بەشێکی پارێزگاکانی تورکیا پرۆسەی دەنگدان لە کاژێر ٧ بەیانی تا ٤ ئێوارە و لە هەندێك پارێزگای دیکەش کە سەرجەمیان دەستنیشانکراون لە کاژێر ٨ بەیانی تا ٥ ئێوارە بەردەوام دەبێت.
٨. ئەنجامەکانی دەنگدەرانی ریفراندۆم لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات لە رۆژی دواتردا رادەگەیەندرێت.

## پرۆژە یاسای هەموار کراوی دەستوری تورکیا

هەمواری دەستوری تورکیا بۆ ریفراندۆمی ١٦ نیسانی ٢٠١٧، ١٨ مادده لەخۆ دەگرێت کە پەیوەستن بە پۆست و دەسەڵاتەکانی (سەرۆک کۆمار، دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان)، دەسەڵاتی باڵای دادوەری و دادگای دەستوری)، دیارترین نێوەرۆکی مادده هەموارکراوەکانیش بریتین لە:

## یەکەم. لەسەر ئاستی دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار

١. سەرۆك کۆمار وەک "سەرۆکی دەوڵەت"، ئەرکی دەسەڵاتی راپەراندن دەگرێتە ئەستۆ، هاوکات کابینەی حکومەت هەڵدەوەشێنرێتەوە و پۆستی سەرۆك وەزیران نامێنێت و ئەرک و دەسەڵاتی راپەراندن بە رەچاوکردنی دەستور و یاساکان بەشێوەیەکی گونجاو لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە بەڕێوەدەبرێت.

٢. سەرۆك کۆمار، جێگرانی سەرۆك کۆمار و وەزیرەکان دادەمەزرێنێت و کۆتاییش بە ئەرکەکانیان دەهێنێت.

٣. سەرۆك کۆمار، دەتوانێت جێگر یان چەند جێگرێک بۆ خۆی دابمەزرێنێت.

٤. جێگرانی سەرۆك کۆمار و وەزیرەکان لەنێوان ئەو کەسانەی توانیویانە ببنە پەرلەمانتار لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە دیاری دەکرێن و دەست لە کاری پەرلەمانتاری دەکێشنەوە.

٥. سەرۆک کۆمار فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی تورکیایە.

٦. سەرۆک کۆمار پەیوەندی لەگەڵ پارتەکەی ناپچڕێنێت. بەو واتایەی سەرۆك دەکرێت لەیەک کاتدا سکرتێری حزب و سەرۆك کۆماریش بێت.

٧. سەرۆک کۆمار لەدۆخی گونجاوی هەلومەرجی یاسادا دەتوانێت باری نائاسایی رابگەیێنێت و پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە.

٨. بودجە لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە پێشکەشی پەرلەمان دەکرێت.

٩. سەرۆك کۆمار لەبارەی بابەتەکانی دەسەڵاتی راپەڕاندن مەرسومی سەرۆك کۆماری دەردەکات.

١٠. کاتێک سەرۆک کۆمار بە پێویستی بزانێت گۆڕانکاری یاسایی لە دەستوردا بکرێت، ئەوا پێشکەشی گەلی دەکات تاوەکو دەنگی لەسەر بدات.

١١. مەرسومەکانی سەرۆکایەتی بە کارپێنەکراو هەژمار دەکرێت لە حاڵەتی دەرکردنی یاسایەك لەلایەن پەرلەمانەوە کە لەسەر هەمان بابەت بێت کە لەمەرسومەکەدا هاتووە.
١٢. ماوەی ویلایەتی سەرۆک کۆمار پێنج ساڵ دەبێت. یەک کەس دەتوانێت تەنیا دوو خول خۆی بۆ سەرۆک کۆمار هەڵبژێرێت.
١٣. لە دوای مردنی سەرۆک کۆمار یان نەخۆشکەوتنی ئەو کەسە ئەرکەکانی بەڕێوە دەبات کە پێشتر سەرۆک کۆمار بۆ هەمان مەبەست دەسنیشانی کردووە.
١٤. ئەو پارتانەی کە دەیانەوێت پاڵێوراوی سەرۆك کۆماریان هەبێت، پێویستە لانی کەم ٥%ی کۆی دەنگەکانی وڵاتیان بەدەستهێنابێت، یان ١٠٠ هەزار دەنگدەر دەنگی پێدابن.
١٥. ئەو پاڵێوراوەی لە هەڵبژاردن لەسەروی ٥٠% واتە زۆرینەی ڕەهای دەنگەکان بهێنێت بە سەرۆك کۆمار هەڵدەبژێردرێت.
١٦. تەمەنی ئەو کەسەی خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار دەپاڵێوێت دەبێت لەسەرو ٤٠ ساڵ بێت و هاوڵاتی تورکی بێت و هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت.

### دووەم. لەسەر ئاستی دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان)

١. دەسەڵاتی یاسادانان و هەموارکردن و هەڵوەشاندنەوە لەدەستی پەرلەماندا دەبێت.
٢. ژمارەی پەرلەمانتاران لە ٥٥٠ پەرلەمانتارەوە دەبێتە ٦٠٠ پەرلەمانتار.
٣. تەمەنی خۆپاڵاوتن بۆ پەرلەمان لە تەمەنی ٢٥ ساڵییەوە دەکرێت بە ١٨ ساڵ.
٤. هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆك کۆماری تورکیا پێنج ساڵ جارێک و لە یەک ڕۆژدا ئەنجامدەدرێت.
٥. پەرلەمان دەسەڵاتی چاودێریی و زانیاری وەرگرتن لەڕێگەی "بەدواداچوونی پەرلەمان"، "کۆبوونەوەی گشتیی"، "لێپرسینەوەی پەرلەمان" و "پرسیاری نووسراو" بەکاردەهێنێت.
٦. بەمەبەستی ڕونکردنەوەی یاساکان بڕیارنامەی سەرۆك کۆماری دەرناکرێت.

٧. پەرلەمان دەتوانێت بەدەنگی ٥/٣ ئەندامانی دۆسیەی لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە بۆ سەرۆك کۆمار، جێگرانی سەرۆك کۆمار و وەزیرەکان بکاتەوە. ئەو سەرۆك کۆمارەی بڕیار دەدرێت لەبارەیەوە دۆسیەی لێکۆڵینەوەی لە دژ بکرێتەوە، ناتوانێت بڕیاری هەڵبژاردن بدات.

٨. پەرلەمان بە دەنگی ٣/٢ ئەندامانی واتە ٤٠٠ دەنگ لەکۆی ٦٠٠ دەنگ، دەتوانێ متمانە لە سەرۆک کۆماری وڵات بسەنێتەوە.

٩. لە دۆخی دەرکردنی بڕیارنامەی پەرلەمانی تورکیا لەسەر هەمان بابەتەکان، بڕیارنامەی سەرۆك کۆماری ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

١٠. دوای دەستبەکاربونی پەرلەمانتاران لە پۆستی جێگری سەرۆك کۆمار و وەزیر، ئەندامێتییان لە پەرلەمان کۆتایی پێدێت.

١١. پەرلەمانی تورکیا دەتوانێت بە دەنگی سێ لەسەر پێنجی پەرلەمانتاران بڕیاری سەرلەنوێ ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردن بدات.

١٢. هەڵبژاردنی داهاتوی پەرلەمانی تورکیا و سەرۆك کۆمار پێکەوە لە ٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩ ئەنجامدەدرێت.

### سێهەم. لەسەر ئاستی دەسەڵاتی دادوەری (ئەنجومەنی باڵای دادوەری)

١. ناوی فەرمانگەی باڵای داواکارانی گشتیی و دادوەران، بۆ فەرمانگەی داواکارانی گشتیی و دادوەران دەگۆڕێت.

٢. ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە ١١ ئەندام پێک یت، سەرۆک ٤ ئەندامیان دادەمەزرێنێت و پەرلەمانیش ٧ ئەندامەکەی دیکەی دەست نیشان دەکات.

٣. وەکیلی وەزارەتی دادوەری هەمیشە لە ئەنجومەنی باڵای دادوەریدا کورسیەکی دەبێت.

٤. ئەنجومەنی باڵای سەربازی و دادگای سەربازی هەڵدەوەشێنەوە.

### چوارەم. لەسەر ئاستی دادگای دەستوری

١. جگە لە دادگا دیسپلینەکان، دادگای سەربازی دروست ناکرێت.
٢. ئەنجومەنی باڵای سەربازی، دادگای تێهەڵچونەوەی سەربازی و دادگا سەربازییەکان هەڵدەوەشێنەوە.
٣. ژمارەی کورسییەکانی دادگای دەستوری لە ١٧ کورسییەوە بۆ ١٥ کورسی کەم دەبێتەوە.

نمونەیەک لە کارتی دەنگدانی ریفراندۆمی دەستوری تورکیا لەنێوان بژاردەی "بەڵێ و نەخێر" دا



## جیاوازیەکانی سیستمی پەرلەمانی تورکیاو سیستمی پێشنیارکراوی سەرۆکایەتی بۆ تورکیا

### جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە سیستمی ئێستای تورکیا و نمونەی سیستمی سەرۆکایەتی

١

دەزگاکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری

جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی دیار

| سیستمی پەرلەمانی تورکیا | نمونەی حکومەت لە سیستمی سەرۆکایەتدا |
|---|---|
| لاوازی و نەرمی | ڕون و بەهێزە |
| سنوری دەزگاکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری ناڕونە | لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان (جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری) بە شێوەیەکی تەواو |
| ناڕونی ئەم سیستمە دەبێتە ئاستەنگ لە بەردەم دەرکەوتنی ئیرادەی گەل | سەروەری نیشتیمانی ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنو یاسادانانو دادوەری |
| بەریەککەوتنی دەسەڵاتەکان (صلاحيات) لە نێوان دەسەڵاتی(جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری) کاتێک کەلێنەکانی نێوانیان فراوان دەبێت | دابەشکردنی ئەرک و دەسەڵاتەکان (صلاحيات) لە دەسەڵاتەکانی(جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری) ڕونتر دەبێت |
| حکومەت و پەرلەمان لە ژێر یەک چەتردا کاردەکەن | دەزگای جێبەجێکردن و یاسادانان سەربەخۆ هەریەکەیان لەوی دیکە کارەکانیان ڕادەپەڕێنن |

## جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە سیستمی ئێستای تورکیا و نمونەی سیستمی سەرۆکایەتی

## دەزگاکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری

٢

### یاسادانانی چالاک (پەرلەمان)

| سیستمی پەرلەمانی تورکیا | نمونەی حکومەت لە سیستمی سەرۆکایەتدا |
|---|---|
| دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن گرێدراون پێکەوە لەگەڵ دەستێوەردانی سنورداری نێوانیان | دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن بەشێوەیەکی ڕەها لێک جیاکراونەتەوە |
| پەرلەمان یاساکان بەجۆرێک دەردەکات کە لەگەڵ ئیرادەی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا بگونجێت | پەرلەمان یاساکان سەربەخۆ دەردەکات بەجیا لە ئیرادەی حکومەت |
| فشاری بەدواداچونی کارەکان دەبێتە هۆی ڕێگری لە کاری نوێنەران(پەرلەمانتاران) لە دانانی یاساکان | نوێنەران(پەرلەمانتاران) جەخت دەکەنەوە لەسەر دارشتن و هەموار و هەڵوەشاندنەوەی یاساکان |
| گەل لە یەک کاتدا ناتوانێت هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن هەڵبژێرێت | گەل لە یەک کاتدا دەتوانێت هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن هەڵبژێرێت |
| کەسێک لەیەک کاتدا دەتوانێت لە هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن ئامادەیی هەبێت | کەسێک لەیەک کاتدا ناتوانێت دوو ئەرک لەهەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن ڕاپەڕێنێت |
| حکومەت ڕاستەوخۆ لە پەرلەمانەوە شەرعیەت وەردەگرێت | دەسەڵاتی جێبەجێکردن ڕاستەوخۆ لە خەڵکەوە شەرعیەت وەردەگرێت |
| سەرۆک کۆمار بەرپرسیار نیە لە بەردەم پەرلەمان | سەرۆک کۆمار هەستیاری دەسەڵاتی یاسادانان لەبەرچاو دەگرێت |
| پەرلەمان دەسەڵاتێکی فراوان و کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر ئەو بریارانەی حوکمی یاساییان هەیە | دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی کەم دەکرێتەوە لە دەرکردنی ئەو بریارانەی حوکمی یاساییان هەیە پشت بەو پرنسیپەی کە بنەمای یاسادانان پەرلەمانە |
| لێرەدا دەسەڵات (صلاحیات)ی چاودێری پەرلەمان دەقۆزرێتەوە | پەرلەمان هەڵدەستێت بە ڕۆڵی چاودێری کارا لەڕێی میکانزمی بەدواداچون و لێپرسینەوەو دیداری گشتی و ئەو پرسیارو پێشنیارانەی ئاراستەیان دەکرێ |
| دەتوانێ بە بەکارهێنانی ئامرازی متمانە پێدان لێپرسینەوە حکومەت ئیبتزاز بکات | ئامرازی لێپرسینەوەو متمانەدان بە حکومەت بونی نیە، بۆئەوەی حکومەت و کارەکانی پەک نەخرێت |

# جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە سیستمی ئێستای تورکیا و نموونەی سیستمی سەرۆکایەتی

## دەزگاکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری

٣

### سەقامگیری دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت)

| سیستمی پەرلەمانی تورکیا | نموونەی حکومەت لە سیستمی سەرۆکایەتدا |
|---|---|
| گەل ڕاستەوخۆ حکومەت هەڵنابژێرێت | گەل سەرۆك کۆمار هەڵدەبژێرێت ئەویش ڕاستەوخۆ لە لوتکەی دەسەڵاتی جێبەجێکردندایە |
| دەستپێکردنی کارەکانی حکومەت وابەستەیە بە پێدانی ڕەزامەنی پەرلەمانەوە | سەرۆك کۆمار حکومەت دروست دەکات و لەوێوە ڕاستەوخۆ دەست دەکات بە کارەکانی بەتایبەت دوای بردنەوەی هەڵبژاردنەکان |
| حکومەت شەرعیەت لە پەرلەمان وەردەگرێت | گەل بڕبڕەی پشتی سیاسی حکومەتە |
| حکومەت لەبەردەم پەرلەمان بەرپرسیارە | سەرۆك کۆمار ڕاستەوخۆ لەبەردەم گەل بەرپرسیارە |
| پەرلەمان دەتوانێت حکومەت لەکاربخات | سەرۆك کۆمار لە لوتکەی دەسەڵاتی جێبەجێکردندایە، دەسەڵات وەردەگرێت لەڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی گەلەوە |
| حکومەت دەروخێ بە داخستنی حیزبە سیاسییەکان | سەرۆك کۆمار حکومەتەکەی داخست حزبە سیاسییەکان کاریان تێناکات |
| وڵات بەبێ حکومەت دەبێ و بۆشایی دەسەڵات دروست دەبێت | دەوڵەت بەبێ حکومەت نابێ و بۆشایی دەسەڵات دروست نابێت |
| ناتوانرێت سەقامگیری سیاسی بەدەست بێ بەبەردەوامی هەربۆیە هەڵبژاردن زۆر دوبارە دەکرێتەوە | سەقامگیری سیاسی بەدیدێت و هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی لە یەك ڕۆژدا و دوای پێنج ساڵ جارێك ئەنجام دەدرێ |
| دەکرێت ئەندامانی حکومەت لەنێو دەسەڵاتی یاسادانانیشدا ئەرکیان هەبێ | وەزیرەکان و سەرۆك کۆمار هیچ پۆستێکی یاسادانان نیە |
| دەسەڵاتی جێبەجێکردن دوو سەری هەیە بۆیە دەشێت قەیران لە نێوان سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران | دەتوانرێ کێشەی نێوان دووسەری دەسەڵاتی جێبەجێکردن چارسەر بکرێ |
| هیچ بەرپرسیارێتیەکی سیاسی و دادوەری و تاوانکاری لەسەر سەرۆك کۆمار نیە | سەرۆك کۆمار بەرپرسیارێتی سیاسی و دادوەری و تاوانکاری هەڵدەگرێ |
| سەرۆك کۆمار بەهیچ تۆمەتێ دادگایی ناکرێ جگە لە خیانەتی نیشتیمانی | دەرگا دەکرێتەوە لەسەر دادگایی کردنی سەرۆك کۆمار لەسەر هەر دۆسیە و تۆمەتێك کە ئاراستەی بکرێت |

## جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە سیستمی ئێستای تورکیا و نمونەی سیستمی سەرۆکایەتی؛ دەزگاکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری

٤

### هەڵوەشاندنەوەی دادگای سەربازی

| سیستمی پەرلەمانی تورکیا | نمونەی حکومەت لە سیستمی سەرۆکایەتدا |
|---|---|
| تێکەڵی لە نێوان دادگا سەربازی و مەدەنییەکان | کۆتایی هاتن بەو دوو فاقیەی لە دادگادا هەیە |
| بوونی دادگای پێداچونەوەی سەربازی و دادگای ئیداری باڵای سەربازی | هەڵوەشاندنەوەی دادگای ڤیتۆی سەربازی و دادگای ئیداری باڵای سەربازی |
| بیرۆکراتیەت لە دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای دادوەری و داواکاری گشتی کە ژمارەیان ١٦ یە | ئەندامانی ئەنجومەن لەلایەن سەرکۆمارەوە دیاری دەکرێن کە ڕاستەوخۆ گەڵ هەڵبژاردووە، هەروەها لەلایەن پەرلەمانەوە کە گەڵ دەستنیشانی کردوون |
| دوان لە ئەندامانی دادگای دەستوری، لەهەمان کاتدا لە دادگای سەربازین | هەڵوەشاندنەوەی ئەندامێتی دادوەری سەربازی لە دادگای دەستوری باڵا، دادگای دەستوری باڵا سەرجەمیان لە مەدەنی پێک دێن |

## هەڵوێستی پارتەکان دەربارەی هەموارە دەستوریەکان و ریفراندۆمە دەستوریەکە

پارتە سیاسیەکانی تورکیا بۆچون و سەرنجیان جیاوازە دەربارەی دەنگدان لە ریفراندۆمی دەستوری تورکیادا، بەنمونە وابریارە هەندێکیان بە بەڵێ پێشوازی لە ریفراندۆمەکە بکەن، هەندێکیشیان بە نەخێر. بەنمونە لە نێو پەرلەمانی تورکیادا دەنگەکانی بەڵێ و نەخێر بەسەر دوو گروپدا دابەش بون. گروپێکیان پێکدێت لە: پارتی داد وگەشەپێدان (ئەکەپە)و پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرستی (مەهەپە) ئەمانە خاوەن پرۆژە هەموارەکەن بریاریانداوە بە بەڵێ دەنگ بدەن لەریفراندۆمەکەدا، لەبەرامبەردا گروپی دووەم هەریەک لە پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) و پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) لەخۆ دەگرێت، ئەمانە بە پێچەوانەوە بریاریانداوە بە نەخێر دەنگ بە پرۆژەکەی ئاکپارتی و مەهەپە بدەن لە ریفراندۆمە دەستورییەکەی ١٦ نیساندا. جیا لەمانە چەندین پارتی دیکە هەن کە ئەوانیش دەنگەکانیان بە رێگەی جیاواز بەسەر هەردوو ئاراستەکەدا دابەش بووە، ئەوەی لێرەدا گرنگە هەڵوێستی پارتە کوردیەکانی باکوری کوردستان و تورکیایە، کە ئەوانیش بەسەر دو بەرەکەدا دابەش بون، بەنمونە زۆرینەیان بریاریانداوە بە نەخێر دەنگ بدەن، هەندێکیشیان بە بۆ دەنگی نەخێر خۆیان ئامادەکردووە، هەوڵدەدەین بەجیا تیشک بخەینە سەر هەڵوێستی هەریەک لەو پارتانە.

### دەنگ و سەنگی لایەنەکان لە پەرلەمانی تورکیادا

| پارتە سیاسیەکانی تورکیا | ژمارەی دەنگەکانی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٥/١١/١ | رێژەی سەددی دەنگی پارتەکان | ژمارەی کورسی لە پەرلەمانی تورکیا |
|---|---|---|---|
| پارتی دادو گەشەپێدان - ئەکەپە | 23.673.541 | 49.41% | 317 |
| پارتی گەلی کۆماری - جەهەپە | 12.109.958 | 25.38% | 134 |
| پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرست - مەهەپە | 5.691.737 | 11.93% | 40 |
| پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە | 5.145.688 | 10.71% | 59 |
| پارت و کاندیدە سەربەخۆکان | 1.223.700 | 2.56% | 0 |

## ئەکەپە و مەهەپە

هەرچەندە لەبنەڕەتدا پرۆژەی هەمواری دەستوری بە بیرۆکەی ئەکەپە دادەنرا، بەڵام پاش پێشکەشکردنی پرۆژەکە بە سێ لایەنەکەی دیکەی پەرلەمانی تورکیا لەلایەن پارتەکەی ئەردۆگانەوە، لەئاکامدا پرۆژەکە تەنها لەلایەن (مەهەپە)وە قبوڵکرا، هەربۆیە ئەم دو لایەنە بونە خاوەن پرۆژەی بەڵێ بۆ دەستور. ئەکەپەو مەهەپە پێکەوە خاوەن ٣٥٧ کورسی پەرلەمانی تورکیان، ئەمەش بەرامبەرە بەرێژەی ٦١% کورسیەکانی پەرلەمان، ئەم دو پارتە پێکەوە توانیان بە دەنگی ٣٣٩ پەرلەمانتار پرۆژەکەیان لەنێو پەرلەمانی تورکیاوە تێبپەڕێنن و ئامادەی بکەن بۆ دەنگی شەقام لە ١٦ نیسانی ٢٠١٧ دا.

دەربارەی بیرۆکەی هەمواری دەستورو گۆڕینی سیستەمی پەرلەمانی بۆ سەرۆکایەتی لە تورکیا ئەردۆگان دەڵێ "لەبنەڕەتدا ئەمە پرۆژەی خۆمە، هەر لەو سەردەمەی سەرۆکی شارەوانی ئیستانبوڵ بووم پشتگیریم لەو سیستەمە دەکرد کە سودو قازانجی بۆ گەل و وڵات هەیە." هاوکات رەتیدەکاتەوە ئەم پرۆژەیە بۆ بەرژەوەندی کەسی خۆی پێشنیاری کردبێ و دەڵێ" ئەگەر لە ١٦ ی نیساندا گەل بە بەڵێ بە دەستورو سیستەمی سەرکۆماریی دەنگیدا، ئەوا دواتر لەیەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا و سەرکۆمار لە ٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩، گەل کێی هەڵبژارد ئەو کەسە دەبێتە یەکەم سەرکۆماری ئەم سیستەمە نوێیە".

لای خۆشیەوە (دەوڵەت باخچەلی) سەرۆکی مەهەپە، دەربارەی ریفراندۆمەکەی تورکیا پەیامێکی ئاراستەی سەرجەم رێکخستنەکانی پارتەکەی کرد لە ناوخۆ و دەرەوەی تورکیاو داوای لێکردن بە دەنگی بەڵێ بەشداریی لە ریفراندۆمەکەدا بکەن. باخچەلی هۆکاری پاڵپشتیکردنی بۆ هەموارکردنەوەی ١٨ ماددەی دەستوریی رونکردووەتەوە و رایگەیاند "ئەم هەموارەی دەستور، دەبێتە بناغەی بەرەنگاربونەوەی هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان کە مەبەست لێیان بەئامانجگرتنی کۆماریی تورکیایە و گورزێکی گەورە لە گرووپە جوداخوازەکانی وەك پەکەکە، پەیەدە، گرووپی فەتحوڵلا گولەن و چەپڕەوە رادیکاڵەکان دەوەشێنێت، بۆیە دەبێت هەموان بە دەنگی بەڵێ بە پیریەوە بچین"

جگە لەمانە دەسەڵاتدارانی ئەکەپە و مەهەپە چەند پاساوێک دەهێننەوە وەک پاڵنەری سەرەکی و پێویست بۆ گۆرینی سیتەمی سیاسی تورکیا لەپەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی لە دیارترینیان ئەمانەن:

١. سیستەمی سەرۆکایەتی تورکیا دەکاتە وڵاتێکی بەهێز لە گشت رویەکەوە، وەک ئەردۆگان دەڵێ "تەنها سیستەمی سەرۆکایەتی زامنی تورکیایەکی بەهێزو جیاواز لەرابردو دەکات" ئەردۆگان پێی وایە تورکیا دەتوانێ هاوشێوەی وڵاتانی خاوەن سیستەمی سەرۆکایەتی نمونەی (فەرەنساو ئەمریکا) بە سیستمێکی سەرۆکایەتی تۆکمە، ببیتە وڵاتێکی بەهێز. هاوکات لەروی توانای بریاردانیشەوە دور دەکەوێتەوە لە بیرۆکراتیەتی دروستکردن و جێبەجێکردنی بریار. بەنمونە لەکاتی قەیرانی (سیاسی، ئابوری، ئەمنی)یدا، یاخود لەساتەوەختی روداني کارەساتی لەناکاو سروشتیدا، ئەم جۆرە سیستمە زۆر کاراترە، رۆتینات ناهێڵێ و خێراتر دەتوانێ مامەڵە بکات و روبەروی چارەسەری بارودۆخەکە ببێتەوە.
٢. لایەنگرانی گۆرینی سیتەمی سەرۆکایەتی پێیان وایە ئەم سیستەمەی ئێستا جۆرێک لە پێکدادانی دەسەڵاتی لەنێوان دو دەسەڵاتی جێبەجێکردن (سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیران) هێناوەتە گۆرێ، بۆیە لە پێناو رزگاربون لە پێکدادانی دەسەڵات و سەڵاحیاتەکان، ئەم گروپە سیستمی سەرۆکایەتی کە دەسەڵات لەدەست تاکە کەسێکدا کۆبکاتەوە بە گونجاوتر دەزانن.
٣. لایەنگرانی گۆرینی سیستەمی سیاسی بۆ سەرۆکایەتی دەڵێن "روداني ٧ هەوڵی کودەتا لەنێوان ساڵانی (١٩٦٠-٢٠١٦) لەسایەی سیتمی پەرلەمانیدا ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەم سیستمە سیستمێکی گونجاو نییە بۆ تورکیاو لە هەر ساتێکدا ئامادەیە بۆ روداني کودەتاو بزاوتی چەکداری" بۆیە لەپێناو رزگاربونی تورکیا لەدەسەڵاتی سەربازی و دورکەوتنەوە لە بزاوتی هەڵگەرانەوە لەدەسەڵات سیستەمی سەرۆکایەتی لەپەرلەمانی بەگونجاو تر دەزانن.
٤. لایەنگرانی سیستەمی سەرۆکایەتی دەڵێن هەمیشە سیستەمی پەرلەمانی هۆکاری هێنانە ئارای (حکومەتی هاوپەیمانی)یە، ئەم جۆرە لە حکومەت تەمەنی کورتەو حکومەتێکی لاوازەو ناتوانێ وەک پێویست رۆڵ ببینێت و خزمەت بە هاوڵاتیان بکات، مێژوی تورکیا سەلماندویەتی کە هیچ حکومەتێکی هاوپەیمانی تا کۆتایی

ماوەکەی نەیتوانی بەردەوام بێت. بۆیە ئەمان دەخوازن لە سایەی سیستەمی سەرۆکایەتیدا سەرۆک حکومەت دروست بکات ، ئەو حکومەتەش بەجۆرێک دەبێت کە نە پەرلەمان و نە پارتە سیاسیەکان ناتوانن بیروخێنن و لێپرسینەوە لە ئەندامەکانی بکەن، بەم شێوەیەش حکومەتێکی تەکنۆکراتی بەهێز بۆ تورکیا دێتە ئاراوە.

## جەهەپەو هەدەپە

بە پێچەوانەی دو پارتەکەی دیکە، هەریەک لە جەهەپەو هەدەپە چونەتە بەرەی (نەخێر) بۆ هەمواری دەستوری تورکیا، ئەم دوپارتە لەپەرلەمانی تورکیادا پێکەوە خاوەن ١٩٣ کورسی پەرلەمانین، ئەمەش بەرامبەرە بەرێژەی ٣٦% کورسیەکانی پەرلەمان، ئەم دو پارتە لەکاتی پرۆسەی دەنگدانی پەرلەمانی بۆ پەسەندکردنی پرۆژەکەلە دژی وەستانەوەو زۆرینەیان بە نەخێر دەنگیاندا. ئێستاش پاش تێپەرکردنی پرۆژەکەو ئامادەکردنی بۆ ریفراندۆم هەردو پارتەکە بریاریانداوە بە نەخێر لە ریفراندۆمەکەدا دەنگ بدەن.

(کەمال کلیچدار ئۆغلۆ) کە سەرۆکی دوەم گەورە پارتی تورکیایە لەبارەی ریفراندۆمەوە دەڵی " بە (بەڵێ) دەنگ نەدەن، چونکە لە ئەگەری پشتیوانیکردنیان، دەسەڵاتێکی رەها و بێ سنور دەدەنە تاکە کەسێك کە توانای هەموو شتێکی دەبێت" هاوکات دەشڵێ "بەپێی هەمواری ١٨ ماددەی دەستوری تورکیا، لێپرسینەوە و لێپێچینەوە لەگەڵ سەرۆك و جێگران و وەزیرانیش ناکرێت. وڵاتێك نەتوانێت لێپرسینەوە لە دەسەڵاتدارانی بکات دوچاری قەیرانی قووڵ دەبێتەوە. ئەم پاکێجە هەموارکراوە جگە لە پشێوی هیچ شتێکی دیکە بەدیناهێنێ و ناکرێت چارەنووسی ٨٠ ملیۆن کەس بخرێتە ژێر دەستی تاکە کەسێك، بۆیە دەڵێم بە نەخێر دەنگی پێ بدەن تا لە ئایندەدا نەوەکانمان بەرۆکمان پێ نەگرن و پێمان نەڵێن ئێوە ئەو هەڵە مێژوییەتان بۆ ئەنجامدا".

پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە رۆژی ٢٠١٧/٣/٢دا دەستی کرد بە بانگەشەو کۆبونەوەی جەماوەری پارتەکەی لە شارەکانی ئامەدو ئەستەنبوڵ و ئیزمیر بە شەش

زمانی جیاواز نا بۆ گۆرینی دەستوری تورکیا دەستی پێکرد. لەدیارترین دروشمەکانی بانگەشەی هەدەپە بۆ ریفراندۆم بریتین لە "بەنەخێر هەمومان قازانج دەکەین و جەزیرە لەبیرناچێت، بەنەخێر ئاشتی قازانج دەکات و بەنەخێر زوڵم و نادادپەروەری بوەستێنن، نەخێر ئازادییە". لای خۆیەوە (سەلاحەدین دەمیرتاش) هاوسەرۆکی گشتی هەدەپە هەرچەندە نزیکەی ٤ مانگە لەگەڵ چەند هاورێیەکی پەرلەمانتاری لەزیندانە بەلام دەربارەی ریفراندۆمە دەستوریەکە لەزیندانی ئەدرنەوە پەیامێکی بۆ پارتەکەی ناردووەو دەڵێت"هاونیشتیمانیانی تورکیا دلێرانە بچنە سەر سندوقی دەنگدان و بە نەخێر، دەنگ بدەن بۆ گۆڕینی دەستورو سیستەمی سەرۆکایەتی لە تورکیا"، لەلایەکی دیکەوە (فیگەن یوکسیگداغ) هاوسەرۆکی هەدەپە دوای لێسەندنەوەی ئەندامێتی پەرلەمانی لە پەرلەمانی تورکیا، بەهەمان شێوە پەیامێکی لەزیندانەوە رایگەیاندو تیایدا دەڵێ "ئێمە لە خەبات پاشەکشە ناکەین، داواش لە گەلی تورکیا دەکەم بە نەخێر وەلامی ئاکەپە بدەنەوە لە گشتپرسی گۆڕینی دەستوردا". هاوکات وتەبێژی هەدەپە (عوسمان بایدەمیر) لەبارەی پرۆژەکەوە هەڵوێستی پارتەکەی ڕایگەیاند و لەوبارەوە دەڵێ " لەپاکێجی گۆڕانکاری دەستوریدا جێگای ئازادی و مافی گەلان نابێتەوەو بۆیە ئەم هەموارە هیچ جیاوازییەکی نیە لە پاکێجی ١٢ئەیلولدا(دەستوری کودەتای سەربازی ١٩٨٠) بۆیە دەڵێین نەخێر."

## پارتە کوردییەکان

هەڵوێستی پارتە کوردییەکانی باکور دابەشبووە بەسەر هەردوو بەرەی نەخێر و بەڵێ)دا، هێندێکی دیکەش بریاریانداوە بایکۆتی پرۆسەکە بکەن.

بەنمونە هەریەک لەپارتەکانی (پارتی دیموکراتی گەلان: هەدەپە، پارتی هەرێمە دیموکراتەکان: دەبەپە، پارتی سۆسیالیست و ئازادی: ئۆسەپە، پارتی ماف و ئازادییەکان: هاکپار) بەفەرمی رایانگەیاندووە کە ئەوان پاڵپشتی دەنگی نەخێر دەکەن و بە دەنگی "نا" دژ بە هەمواری دەستور دەنگ دەدەن.

بەڵام لەبەرامبەردا چەند پارتێکی دیکە بریاریانداوە بە بەڵێ پشتگیری خۆیان بۆ هەمواری دەستورەکە دەرببرن، ئەوانیش هەریەک لە  هەریەک لە (هودا پار - پارتی داوای ئازاد و پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا: پەدەکە).

لەم نێوانەشدا سێ پارتی دیکە بریاریانداوە بایکۆتی پرۆسەکە بکەن ئەوانیش بریتین لە (پارتی ئازادی کوردستان: پاک، پارتی سۆسیالیستی کوردستان: پەسەکە، هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستانی باکور: پەدەتە، پاساوی بەشدارینەکردنیشان بۆ ئەوە دەگێرنەوە کە لەتەواوی ١٨ ماددەی هەموارکراودا باسی رەوشی کورد و چارەسەری پرسی کورد نەکراوە، بۆیە بژاردەی بایکۆتیان هەڵبژارد و داواش لە هاونیشتمانییان کرد کە لەریفراندۆمەکەدا بەشداریی نەکەن.

## ئامانجەکانی هەمواركردنی دەستور لەلایەن ئەردۆگان و ئەکەپەوە

١. ئەردۆگان و ئەکەپە دەخوازن بەهاتنی ساڵی ٢٠٢٣ تورکیا ببێتە خاوەن سیستەمی سەرۆکایەتی، ئەو ساڵەش هاوکاتە لەگەڵ یادی ١٠٠ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری تورکیا، ئەمەش واتای کۆتای هاتن بە سەد ساڵی پەرلەمانی و سەرەتای راگەیاندنی حوکمی سوڵتانی بەرابەرایەتی ئەردۆگان و ئاکپارتی.
٢. بەپێی دەستوری کارپێکراوی ئێستای تورکیا، ماوەی سەرۆکایەتی ئەردۆگان بەهاتنی ساڵی ٢٠١٩ خولی یەکەمی کۆتایی دێت و دەتوانێ بۆ یەک خولی دیکە خۆی هەڵبژێرێتەوە. بەڵام ئەگەر دەستورەکە هەموار بکرێت و دەنگی بەڵێ بەدەست بهێنێت، ئەو کات ئەردۆگان دەتوانێ تا دوو خولی دیکە مافی خۆ کاندیکردنی هەبێت، ئەمەش بەو واتایە دێت کە ئەردۆگان دەخوازێت تا ساڵی ٢٠٢٩ لە دەسەڵات بەردەوام بێت، بەمەرجی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا.
٣. ئەردۆگان دەخوازێ لەرێگای کۆنترۆڵکردنی پۆستی سەرۆک کۆماری تورکیاوە، کۆنترۆڵکردنی کۆی جومگەکانی دەسەڵات بکات و جگە لە بەشداری ئاکپارتی هیچ بۆشاییەک نەهێڵێتەوە بۆ چانسی بەژداری پارت و لایەنەکانی دیکەی تورکیا لە پێگە هەستیارەکانی فەرمانرەوای تورکیادا. بەو پێیەی لەگەڵ گۆرینی سیتەمەکەدا دەسەڵاتی تورکیا یەکسان دەبێت بە یەک کەس ئەویش سەرۆک کۆمارە، ئەردۆگانیش نوێنەرایەتی ئەکەپە دەکات و تەنها ئەندامانی پارتەکەشی

لەناو دەسەڵاتەکەیدا جێگایان دەبێتەوە. بەم جۆرەش ئەردۆگان لانی کەم تا ساڵی ٢٠٣٠ زامنی مانەوەی پارتەکەی دەکات لەدەسەڵاتی سیاسی تورکیادا.

٤. پۆستی سەرۆك کۆماری تورکیا لەچاو پۆستی سەرۆک وەزیراندا زیاتر پۆستێکی تەشریفاتییەو دەسەڵاتەکانی سەرۆک سنورداره، بێگومان ئەمەش بۆ پێگەو کەسێتی ئەردۆگان گونجاو نییە، بۆیە ئەردۆگان دەخوازێ ببێتە خاوەن دەسەڵاتێک کە ڕەنگدانەوەی کەسێتی خۆی بێت و بەتەنها خۆی سەنتەری کۆی دەسەڵاتەکان بێت لە تورکیادا.

## لێکەوتەکانی هەموارکردنی دەستور

١. کۆکردنەوەی زۆرینەی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن لەدەست یەک کەسدا، بێگومان ئەگەری هاتنە ئارای دەسەڵاتێکی تاکڕەو شمولی لێ پێشبینی دەکرێت. بۆ نمونە لە هەموارەکەدا پۆستی سەرۆک وەزیران نامێنێت، سەرکۆمار پۆستی سەرۆکی وڵات و سەرۆکی حکومەت لەدەستی خۆیدا کۆدەکاتەوە، ئەمەش واتا سەرکۆمار کابینەی حکومەت پێکدەهێنێت و وەزیرەکان دیاری دەکات، هاوکات دەشتوانێ بە بێ گەرانەوە بۆ پەرلەمان وەزیرەکان و جێگرانی سەرکۆمار لە پۆستەکانیان دوور بخاتەوە

٢. خاڵی سەرەکی هەموارە دەستورییەکە تەنها گۆرینی سیستمی سیاسی تورکیا نییە، بەڵکو هەڵوەشاندنەوەی دادگا سەربازییەکان و تەحویلکردنی سەرجەم دۆسییە سەربازییەکان بۆ دادگای تێهەڵچونەوەی کەسی.

لەلایەکی دیکەوە سەرۆک دەبێتە فەرماندەی یەکەمی گشتی هێزە چەکدارەکانی وڵات و دەسەڵاتی دامەزراندن و دیاریکردنی سەرکردەکانی سوپاو دەزگای هەواڵگری لەدەست خۆیدا دەبێت. ئەمەش خۆی لە خۆیدا واتای ئیفلیجکردنی یەکجاری و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دامەزراوەی ئەمنی و سوپا دەگەیەنێت لەدەسەڵاتی سیاسی و ئەمنی تورکیادا.

٣. ماوەی خولی سەرۆکایەتی کۆمار پەرلەمانی تورکیا دەبێتە پێنج ساڵ، هەر پێنج ساڵ جارێکیش هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمار و پەرلەمانی تورکیا لە یەک رۆژو بەرواردا بەڕێوەدەچن، بێگومان ئەمەش ڕێگە بۆ ئەوە خۆش دەکات یەک پارتی

سیاسی لەیەک کاتدا پۆستی سەرۆک کۆمارو زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی تورکیاش مسۆگەر بکات. لێرەشەوە پەرلەمان دەبێتە سێبەرو گوێرایەڵی فەرمانەکانی سەرۆک.

٤. دەستوری نوێ دەسەلاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان دەبەخشێتە سەرۆک کۆمار، ئەمەش خاڵێکی دیکەیە بۆ زیاتر گوێرایەڵبون و قۆڵبەستکردنی پەرلەمان لەبەردەم سەرۆکدا.

٥. لە دەستوری نوێدا پەرلەمانی تورکیا بە دەنگی ٥/٣ ئەندامانی دەتوانێ سەرۆک کۆمار بۆ لێپرسینەوە بانگهێشتی پەرلەمان بکات، بەڵام بەو پێیەی هەمیشە گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمان لە پارتەکەی سەرکۆمار دەبێت، ئەستەمە پێشبینی بکرێت بۆ رودانی ئەو حاڵەتەی کە ٥/٣ ئەندامانی پەرلەمانی تورکیا ئیمزا کۆبکەنەوە بۆ لێپرسینەوە لە سەرۆک کۆماری تورکیا.

٦. لە دەستوری نوێدا پەرلەمانی تورکیا بە دەنگی ٣/٢ ئەندامانی (٤٠٠)دەنگ، دەتوانێ متمانە لە سەرکۆمار بسەنێتەوە، بەڵام لێرەشدا بەهەمان شێوە ڕونادات کە ٤٠٠ ئەندامی پەرلەمان یەک دەنگ بن بۆ وەرگرتنەوەی متمانە لە سەرکۆمار چونکە زۆرینەی پەرلەمان بریتییە لەو فراکسیۆنەی کە سەر بە پارتەکەی سەرکۆماری تورکیایە.

٧. سەرۆک هەژمون دەکات بەسەر پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەریدا، چونکە سەرۆک دەسەڵاتی دامەزراندنی نیوەی ئەندامانی هەریەك لە دادگای (دەستوری و ئیداری و ئەنجومەنی باڵای دادوەری و داواکارانی گشتی و گەورە فەرمانبەرانی دەوڵەت)ی لەدەستدا دەبێت. نیوەکەی دیکەش لەلایەن پەرلەمانەوە دەستنیشان دەکرێن، لەم حاڵەتەشدا زۆرینەی پەرلەمانی لەلایەن ئەکەپەوە کۆنترۆڵکراوە، ئەمەش واتای کۆنترۆڵکردنی کۆی جومگە هەستیارەکانی دەسەڵاتی (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری) دەگەیەنێت لەلایەن یەک پارتەوە ئەویش پارتی دەسەڵاتدار (ئەکەپە)یە.

## دەرەنجام

١. ئەردۆگان بەهەر نرخێک بێت هەوڵ دەدات تا هاتنی ساڵی ٢٠٢٣ سیستەمی سیاسی تورکیا بگۆڕێت بە سەرۆکایەتی. بۆ نمونە لە دۆخێکدا ئەگەر بێت و نەتوانێ لە ریفراندۆمەکەی ١٦ نیساندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا بێگومان لەو پێناوەدا کارتی دوەمی خۆی تاقیدەکاتەوە، ئەوەش خۆی دەبینێتەوە لە ئاراستەکردنی توکیا بەرەوە هەڵبژاردنی پێش وەختە. ئەوەش لەپێناو بەدەستهێنانی ٣٦٧ کورسی پەرلەمانی بە هاوپەیمانی مەهەپە، کە لە ئێستادا بە هەردوکیان خاوەن ٣٥٧ کورسی پەرلەمانین، ئەوەش بەو ئامانجەی جارێکی دیکە پرۆژەکە ببرێتەوە پەرلەمانی تورکیاو بەبێ ریفراندۆم لەلایەن ئەو دوپارتەوە پرۆژەکە پەسەند بکرێت. بەمجۆرەش سیستەمی سیاسی تورکیا لە پەرلەمانیەوە دەگۆردرێت بۆ سەرۆکایەتی.

٢. گۆرینی سیستەمی سیاسی تورکیا لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی، ئیجابیات و سلبیاتی خۆی هەیە، بەنمونە لایەنگرانی گۆرینی سیستەمی سیاسی، سیستەمی سەرۆکایەتی بە پێویست دەزانن بۆ بەهێزکردنی تورکیاو چڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەدەست یەک کەسدا بەمەبەستی و کەمکردنەوەی رۆتینانت و بیرۆکراسیەتی بریاردان و جێبەجێکردن. بەڵام لەبەرامبەردا هەندێکی دیکە گۆرینی سیستەمی تورکیا بەسەرۆکایەتی وەک هەوڵێک دەبینن بۆ دروستکردنی سیستەمێکی تاکرەوی شمولی و کۆنترۆڵکردنی کۆی جومگەکانی دەسەڵات لەلایەن یەک پارتەوە، کە ئایندەی تورکیاو ناوچەکەش بەهۆیەوە دەکەوێتە مەترسییەوە. دواجار لەم نێوانەدا بیرۆکەکە لەسایەی حکومرانی ١٦ ساڵی ئەکەپە لە تورکیادا بۆ ئەوە دەچێت کە ئەم پرۆژەیە لە ئاکامی تێپەرکردنیدا تەنها لە سودو بەرژەوەندی ئەکەپەو زیانی کۆمەڵگای تورکی بەتایبەت و ناوچەکە بەگشتی دەشکێتەوە.

٣. پێشبینی کردنی ئەنجامی ریفراندۆمەکە کردەیەکی ئاسان و سادە نییە، لەبەر چەند هۆکارێک:

– لایەنەکان بەیەکسانی بەسەر دوو بەرەدا دابەشبون بەجۆرێک کە بەرەیەکی راستترەو دروست بووە لە (لایەنە ئیسلامیە کۆنسێرڤاتیڤەکان و تورکە

ناسیۆنالیستەکان)، لەبەرابەریاندا بەرەیەکی چەپرەو پێکهاتووە لە (تورکە عیلمانیەکان و کوردەکان و کەمە نەتەوەکان)، ئەم دابەشبونەش وادەکات کە دەنگی هاوڵاتیانی تورکیش بەسەر هەردوو بەرەکەدا بە جۆرێکی لێکنزیک دابەشبێت، جیا لە ئینتیمای حیزبی ئەمجار ئەم جۆرە دابەشبونە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەنجامەکان و ئاستی پێشبینی کردنی رێژەی دەنگی بەڵی و نەخێر ئاڵۆز دەکات.

- ئەنجامی زۆرینەی راپرسییەکان کە بۆ ریفراندۆمەکە ئەنجامدراون ئەوە دەردەخەن کە دەنگی (نەخێر) لە پێش دەنگی (بەڵێ) وەیە. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە رێژەی دەنگەکان زۆر لەیەکەوە نزیکە هەر بۆیە ئەگەری پێچەوانە بونەوەیی دەنگەکانیش بە بەرژەوەندی لایەنگرانی (بەڵێ) دەکرێت. هەڵبژاردنەکانی پێشوی تورکیاش دەریخست کە پێشبینی زۆرینەی ئەو ریفراندۆمانە ئەنجامەکەی بە پێچەوانەوە دەردەچێت.
- هەمیشە لە تورکیادا زۆرینەی دەنگدەران تەقلیدیانە دەنگ دەدەن بەو لایەنەی کە بە ئینتیمای سیاسی لایەنگری دەکەن، لەبەرامبەردا رێژەیەکی زۆر کەم دەمێنێتەوە کە لەتورکیادا بە ١٥% دەستنیشانکراون، واتە ئەو جۆرە لەدەنگدەر کە دەنگەکەی پشت دەبەستێ لەسەر ئەو بەرنامەیەی کە لە دوا ساتدا قەناعەتی پێدەکات. بۆیە هەموو ڕوداو گۆڕانکارییەکان تا رۆژی پرۆسەکە کاریگەری دەبێت لەسەر دەنگی ئەو بەشە لە هاوڵاتیان و ئەو رێژەیەش بەجۆرێکە کە دەتوانێ کاریگەری لەسەر ئەنجامەکە دابنێ.

٤. راستە هەریەک لە ئەکەپەوە مەهەپە نزیکەی ٦٠% پەرلەمان پێک دێنن و نوێنەرایەتی زۆرینەی شەقامی تورکی دەکەن، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت کە ئەم دو پارتە دەتوانن رێژەی ٦٠% دەنگەکان لەم ریفراندۆمەدا مسۆگەر بکەن. لە ئێستادا باس لەوە دەکرێت کە سەرکردایەتی مەهەپە لەگەڵ دەنگی بەڵێ دان، بەڵام بەشێکی زۆر لەلایەنگرانی ئەو پارتەو بەشێک لە پەرلەمانتارەکانی مەهەپە لەگەڵ هەموارە دەستوریەکەدا نین، بەو بەڵگەیەی لەکۆی ٤٠ پەرلەمانتاری مەهەپە تەنها ٢١ پەرلەمانتاریان بە بەڵی دەنگیان بە پرۆژەکەدا لە پەرلەماندا، ئەوە جگە لەرێژەیەک لەدەنگدەرانی ئەکەپە بەتایبەت بەشێک

لە کوردەکان، پێناچێت لەم قۆناغەدا بە بەڵی دەنگ بدەنە پرۆژەکەی ئەکەپە، ئەمەش رەنگدانەوەی لەسەر ئەنجامەکانی دەنگی بەڵی دەبێت.

٥. ئەوەی پرۆسەی ریفراندۆم لەدەنگدانی هاوڵاتیان جیادەکاتەوە بەنمونە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوەیە، کە لێرەدا دەنگی پارتە بچوکەکان بە زایە ناچێت و هەر پارتێک ئەگەر چی بچوکیش بێت دەتوانێ ئاراستەی دەنگدەرانی بکات لەو پێناوەدا کە خۆیی دەیخوازێ. بەنمونە لە باکوری کوردستان زۆرینەی پارتە کوردییەکان بە نەخێر دەنگ دەدەن ئەمەش جۆرێک لە کۆدەنگی دروست دەکات و دەنگەکانی سەرجەم ئەو لایەنانە دەخاتە خزمەتی پرۆژەی نەخێر بۆ هەموارە دەستورییەکە.

٦. لەم قۆناغەدا زۆرینەی کوردەکان بەیەک دەنگ دژ بەم پرۆژەیە وەستاونەتەوە، هەرچەندە چەند پارتێکی کوردی و بەشێک لە عەشیرەتەکانی باکوری کوردستان چونەتە بەرەی بەڵی بۆ دەستور، بەڵام بە گشتی بەرەی نەخێر لەباکور ژمارەیان زیاترە و هەدەپە نوێنەرایەتیان دەکات. هەربۆیە پێشبینی دەکرێت ئەمجارە دەنگی کوردەکان کاریگەری گەورەی هەبێت لەسەر ئەنجامی ریفراندۆمەکە بەتایبەت لەباکور کە نزیکەی ٨ ملیۆن هاوڵاتی کورد مافی بەشداریان دەبێت لەم راپرسیەدا، بۆیە ئەگەر بێت و رێژەی بەشداری کوردەکان لە پرۆسەکەدا زۆر بەرز بێت، ئەوا سود بە بەرەی نەخێر بۆ دەستور دەگەیەنێت، چونکە لەبەرامبەردا هەمیشە ئاستی بەشداری دەنگدەرە تورکەکان کەمترە لەچاو بەشداری کوردو کەمە نەتەوەکان لەتەواوی تورکیادا، ئەمەش لەرابردودا چەند جارێک دوبارە بوەتەوە.

٧. لەئەگەری سەرکەوتنی بەرەی بەڵی بۆ دەستور، دۆزی کورد لەباکوری کوردستان روو لە ئایندەیەکی ئاڵۆز و نادیار دەکات، بەجۆرێک کوردەکان هەمیشە توانیویانە لەرێی پەرلەمانی تورکیاوە دەنگی نارەزایەتی خۆیان بگەیەنن و لەوێوە نوێنەرایەتی دەنگی کوردەکانی باکور بکەن. بەڵام بە پێی هەموارە دەستورەیەکە، پەرلەمان رۆڵی وەک رابردوو نامێنێت و جگە لەهەندێک کاری یاسادانان و کاری پەرلەمانی ناتوانێ ئەو رۆڵە کارایە ببینێ کە لە رابردوداو لەسایەی سیستمی پەرلەمانیدا هەیبوو، بێگومان ئەمەش بە زیانی دۆزی کورد لە

تورکیا خوێندنەوە و پێشبینی بۆ دەکرێت. بەڵام بە پێچەوانەوە لە ئەگەری سەرکەوتنی بەرەی نەخێر وەک ئەوەی زۆرێک لە چاودێران باسی دەکەن ئەوە واتای شکستی ئەردۆگان و پارتەکەی دەگەیەنێت و لەو نێوانەشدا ئەگەر هەیە لە ژێر فشاردا ئەردۆگان و پارتەکەی ناچاربن بۆ دوبارە روکردنەوە لەباکوری کوردستان و دانیشتن لەگەڵ پارتە کوردییەکان بۆ ئاسایکردنەوەی دۆخەکەو دەستپێکردنەوەی گێمێکی نوێ بۆ پرۆسەی ئاشتی لە تورکیادا. لەمبارەیەشەوە هاوسەرۆک دەبەپە (کامەران یۆکسک)، دەڵێ "ئەگەر بێت و لەم ریفراندۆمەدا بەرەی "نەخێر" سەربکەوێت، ئەوا ئۆمید هەیە بۆ گەڕانەوەی دیموکراسی و ئازادی و دانوستانی ئاشتی لە تورکیادا".

٨. سزادان و زیندانیکردنی ١١٣ هەزار دۆست و لایەنگری بزوتنەوەی خزمەتی فەتحوڵا گولەن، کە بە ئیسلامی میانرەو دەناسرێن، هاوشانی سزادان و دورخستنەوەی هەزاران کەس لە کەرتەکانی (تەندروستی و پەروەردە، خوێندنی باڵا، ئەوقاف، دەزگاکانی دادوەری، ئاسایش و پۆلیس و هەواڵگری ....)، رەنگدانەوەی پێچەوانەی دەبێت لەسەر ئەنجامی ریفراندۆمەکە لەدژی بەرژەوەندی ئەردۆگان.

لەلایەکی دیکەشەوە خراپی دۆخی ئازادی رادەربرین و دۆخی ئابوری و دابەزینی بەهای لیرە و زیادبونی رێژەی بێکاری و تەشەنەسەندنی دیاردەی تیرۆرو خراپی دۆخی ئەمنی و بەردەوامی شەر لە دژی داعش و پەکەکە ... کۆمەڵێک هۆکاری دیکەن کە پارتی دەسەڵاتدار لێیان بەرپرسە ئەمانەش هۆکارگەلێکن کە دەشێت هانی بەشێک لەدەنگدەری تورک بدەن کە بە پێچەوانەی خواستی ئەردۆگان و ئەکەپە دژ بە پرۆژەکەی ئەکەپە دەنگ بدەن.

٩. کەسێتی ئەردۆگان و بەشداری هەمیشەی لە زۆرێک لە میتینگەکانی بەڵێ بۆ دەستور کاریگەری دەبێت لەسەر راکێشانی دەنگی بەشێک لە هاوڵاتیانی تورک، بەو پێیەی لە تورکیادا هەمیشە وجودی کەسی یەکەمی حیزبەکان لەتێکەڵبونی لەگەڵ شەقام دەتوانێ کارلێکێکی ئیجابی دروست بکات، ئەمەش رۆڵی سەرەکی دەبینێت لە راکێشانی دەنگی بەشێک لە هاوڵاتیان بەو ئاراستەیەی ئەو سەرکردەیە دەیخوازێ. وەک دەوترێ ئەردۆگان ویستی بە دەستگیرکردنی

(سەلاحەدین دەمیرتاش و فیگەن یوکسیک داغ) ئەو دوو سەرکردەیە لە بانگەشەکانی هەمواری دەستور لە شەقامی تورکیاو باکور داببرێت، بێگومان راستە لە ئێستادا بە ئاشکرا ئامادەنەبونی ئەو دو هاوسەرۆکەی هەدەپە بە میتینگەکانی ئەو پارتەوە دەردەکەوێت لە بانگەشەی نەخێر بۆ دەستوردا، هەر بۆیە ئامادە نەبونی ئەوانیش لەبەرامبەر ئەردۆگاندا، سەرئەنجام بە سود و بەرژەوەندی پرۆژەکەی ئەکەپە دەشکێتەوە.

## سەرچاوەکان

### کتێب و راپۆرتەکان


١. دستور تركيا مصدرعام ١٩٨٢ شاملاً تعديلاتة حتى عام ٢٠١١، ترجمة المؤسسة الدولية الديموقراطية والانتخابات.
٢. الدكتور احمد نورى النعيمى، النضام السياسى فى التركيا، دار الزهران للمشر و التوزيع، عمان،٢٠١١.
٣. دزطارق عبدالجليل، العسكر و الدستور فى التركيا (من القبضة الحديدية الى دستور بلا عسكر)، الطبعة الثانية، دار نهضة مصر للنشر، مصر، ٢٠١٣.
٤. رنا عبدالعزيز الغماش ، النضام السياسى التركى فى العهد حزب العدالة والتنمية ٢٠٠٢-٢٠١٤، اطروحة الدكتوراه، مركز الدراسات الوحدة العربية، بيروت لبنان،٢٠١٦.
٥. النضام السياسى فى التركيا (النضم و المؤسسات) الموقف التركى من قضايا الأمة، مركز سورية للبحوث و الدراسات.
٦. التعديلات الدستورية في تركيا: الرهانات والتداعيات، مركز الجزيرة للدراسات، ٢٠١٧.

### ماڵپەرە ئەلکترۆنییەکان

١. هەڵمەت محمد، ریفراندۆم لەنێوان دروشمو پراکتیکدا، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆران، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://www.sbeiy.com/Article-19118
٢. تورکیا.. دیاریکردنی ئەو پارتانەی کارتی دەنگدەریان بۆ تەرخان دەکرێت، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://aa.com.tr/ks/%D8%AA%D9.....
٣. تورکیا.. راگەیاندنی قۆناغی ریفراندۆم، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://aa.com.tr/ks/%D8%AA%D9...
٤. سیستەمی سەرکۆماری پرۆژەی خۆمە ، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://aa.com.tr/ks/%D8%AA%D9....
٥. هودا پار پشتگیری لە دەنگی بەڵێ دەکات لە ریفراندۆمدا، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://aa.com.tr/ks/%D8%AA%D9....
٦. بۆچوونی پارتە کوردییەکانی باکووری کوردستان لەسەر گشتپرسی تورکیا جیاوازە، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/10032017
٧. هەڵوێستی پارتە کوردییەکان لەبارەی گشتپرسییەکەی تورکیا، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/040320172
٨. باخچەلی داوا لە رێکخستنەکانی مەهەپە دەکات دەنگی بەڵێ بدەن بۆ گشتپرسی، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/17022017?keyword=&isArchive=True
٩. کلێچدارئۆغڵو: ناکرێت چارەنووسی ٨٠ ملیۆن کەس بخرێتە دەستی تاکە کەسێك، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/300320173
١٠. بۆچوونی پارتە کوردییەکانی باکووری کوردستان لەسەر گشتپرسی تورکیا جیاوازە، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/10032017
١١. وادەی گشتپرسی تورکیا لە رۆژنامەی فەرمی بڵاوبوویەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/120220171?keyword=&isArchive=True
١٢. وتەبێژی هەدەپە: گۆڕانکاری دەستوریی جیاوازی نیە لەگەڵ دەستوری کودەتای ساڵی١٩٨٠، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=19056&babet=1&relat=1024
١٣. شکستی گشتپرسی هیوا بە دانووستانی ئاشتی تورکیا زیندوو دەکاتەوە ، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://kurdpress.com/NSite/FullStory/News...
١٤. یوکسەگداغ داوا لە گەلی تورکیا دەکات بە "نا" بۆ گۆڕینی دەستور دەنگ بدات، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=80588
١٥. فەرهاد حەسەن عەبدوڵڵا، هەمواری دەستوریی لە تورکیا؛ شەڕ لە پێناو دەسەڵاتدا، پێگەی ئەلیکترۆنی؛

http://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre....
١٦. گرنگترین گۆڕانکارییه چاوەڕوانکراوەکان له هەمواری دەستوری تورکیادا، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://www.nrttv.com/Details.aspx?Jimare=68292

١٧. الاستفتاء الشعبي، على الموقع؛
...http://www.aljazeera.net/encyclopedia/conceptsandterminology/2015/11/30
١٨. مفهوم الاستفتاء الشعبي،على الموقع؛
http://almerja.net/reading.php?i=0&ida=1291&id=973&idm=22183
١٩. التغييرات التي سيأتي بها النظام الرئاسي في السلطات التشريعية والتنفيذية والقضائية،على الموقع؛
http://www.akhbarturkiya.com/%D8%B3%...
٢٠. بكر محمد البدور، الدستور التركي واجب التعديل، على الموقع؛
http://www.turkpress.co/node/29374
٢١. سعيد الحاجالسياقات المؤثرة في استفتاء النظام الرئاسي في تركيا، على الموقع؛
https://arabi21.com/story/984841/%D8...
٢٢. الاستفتاء الدستوري في تركيا | النتائج والتداعيات، مركز صناعة الفكر للدراسات والأبحاث، على الموقع؛
http://www.fikercenter.com/ar/p/position_paper/view/58c1afe93977a
٢٣. خليل مبروك، تركيا على صفيح الاستفتاء الساخن بشأن الدستور، على الموقع؛
http://www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews/2017/1/25...
٢٤. خليل مبروك، تركيا تتجه لعرض الدستور الجديد على الاستفتاء، على الموقع؛
http://www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews/2016/12/8/...

٢٥. ٦ استفتاءات شعبية بتاريخ تركيا أحدها فشل.. تعرف عليها، على الموقع؛
https://arabi21.com/story/993372/6-...
٢٦. وثائق وأحداث الاستفتاءات الشعبية بتركيا من مندريس لأردوغان، على الموقع؛
http://www.aljazeera.net/encyclopedia/events/2017/1/25...
٢٧. تركيا: أردوغان يصادق على التعديل الدستوري الذي يعزز صلاحياته، على الموقع؛
http://www.france24.com/ar/20170210...
٢٨. التعديل الدستوري الجديد المرتقب في تركيا.. ماذا يعني؟، على الموقع؛
http://www.turkey-post.net/p-160217/
٢٩. "تركيا بوست" تكشف عن الصيغة الدستورية لتركيا الجديدة، على الموقع؛
http://www.turkey-post.net/p-14053/
٣٠. أردوغان: النظام البرلماني بات عاجزًا عن تحقيق أهداف تركيا، على الموقع؛
http://www.turkey-post.net/p-189895/
٣١. "باهجه لي" يدعو أنصاره لتأييد الدستور الجديد: المعارضة لا تعني الانتقاد فقط ، على الموقع؛
http://www.turkey-post.net/p-187841/
٣٢. الاستفتاء على التعديلات الدستورية في تركيا ١٦ أبريل المقبل، على الموقع؛
http://www.turkey-post.net/p-187730/
٣٣. خارطة طريق الاستفتاء على التعديلات الدستورية التركية، على الموقع؛
http://www.turkey-post.net/p-184897/
٣٤. تركيا تتجه إلى سابع استفتاء شعبي في تاريخها، على الموقع؛
http://aa.com.tr/ar/info/%D8%A5%D9...
٣٥. البرلمان التركي يتلقى مقترح التعديل الدستوري الخاص بالانتقال للنظام الرئاسي، على الموقع؛
http://aa.com.tr/ar/%D8%AA%D8...
٣٦. تعديل دستور تركيا ثورة تشريعية أم هو تكريس لسلطة أردوغان؟ ، على الموقع؛
http://www.alhayat.com/Articles/19330822...
٣٧. تركيا | تعديل الدستور في عهدة البرلمان: نحو حكم الرجل الواحد، على الموقع؛
http://www.al-akhbar.com/node/270662

٣٨. الأخبار دولي نشر قانون الاستفتاء التركي على التعديلات الدستورية، على الموقع؛
http://www.aljazeera.net/news/international/2017/2/11....
٣٩. ننشر أهم التعديلات الدستورية في تركيا للانتقال من النظام «البرلماني» إلى «الرئاسي»، على الموقع؛
https://medium.com/thenewkhalij....
٤٠. أهم التعديلات الدستورية الممهدة للنظام الرئاسي في تركيا، على الموقع؛
http://www.masralarabia.com/%D8%A7%D9...
٤١. تركيا إلى نظام رئاسي بعد تعديل الدستور غداً، على الموقع؛
http://www.alhayat.com/Articles/19739826....
٤٢. النظام الرئاسي.. نفس جديد لتحقيق رؤية ٢٠٢٣ ، على الموقع؛
http://www.turkey-post.net/p-184209/
٤٣. النظام الرئاسي .. حكم الشعب من أجل الشعب، على الموقع؛
http://www.turkey-post.net/p-188304/
٤٤. أردوغان: النظام البرلماني بات عاجزًا عن تحقيق أهداف تركيا، على الموقع؛
http://www.turkey-post.net/p-189895/
٤٥. يلدريم: التعديلات الدستورية ستحل مشاكل تركيا، على الموقع؛
http://www.turkey-post.net/p-182886/
٤٦. حاجة تركيا إلى نظام سياسي جديد، على الموقع؛
https://www.dailysabah.com/arabic/opinion/2016/06/07/turkey-needs-a-new-political-system
٤٧. التحول للنظام الرئاسي في تركيا.. تحديات وسيناريوهات، على الموقع؛
http://www.aljazeera.net/knowledgegate/opinions/2017/2/13/%D8%A7...
٤٨. تركيا تعود للنظام الذي حكمها لأكثر من ٢٠٠٠ سنة، على الموقع؛
http://www.turkpress.co/node/7476
٤٩. دوافع الرافضين والمؤيدين للاستفتاء في تركيا، على الموقع؛
http://www.turkpress.co/node/32508
**50. Demirtaş'tan ‘sandığa gitme’ çağrısı: Cesaret bulaşıcıdır**
http://www.dihaber.org/TUM-HABERLER/content/view/15389
**51. Barzani'nin partisi evet kampanyası başlattı!**
https://www.haber61.net/gundem/barzani-nin-partisi-evet-kampanyasi-baslatti-h288033.html